
# هونەرمەندان پێشتر چ کاریان دەکرد؟

بێگومان هەر هونەرمەندێك بەر لەوەی بەشێوەیەکی پیشەگەر روو لە کاری هونەری بکات پیشەیەکی تری هەبووە و لە پاڵ ئەم پیشەیەدا دەستی بە کاری هونەری کردووە و بژێوی ژیانی خۆی پەیدا کردووە تەنانەت هەندێکیان دوای ئەوەی ناوبانگیشیان دەرکرد و ناسراون بەردەوامن لەسەر پیشەکەی خۆیان لەپاڵ کاری هونەریدا، لێرەدا پیشەی هەندێك لە هونەرمەندە ناسراوەکان بەر لەوەی ببن بە هونەرمەند دەخەینە روو کە رەنگە هەندێکیان سەیریش بن بۆ خوێنەران:

نەجوا کەرەم: مامۆستا، کەمال ئەلشناوی: مامۆستای وێنەکێشان، فەرید شەوقی: فەرمانبەر لە تاپۆ، رەزا ئەلعەبدوڵلا: شوفێری تەکسی، عەبدوڵلا رویشد فەرمانبەر لە شارەوانی، وەلید تۆفیق: شوێنی ئەلیکترۆنیات (کارەبا)ی هەبوو، دورێد لەحام (غەوار): مامۆستای کیمیا و فیزیا، مونا واصف: سەماکار لە تیپێکی هونەرە میللییەکان، نەبیلە عوبێد،هەیفا وەهبی، مادلین موتەر: نمایشکاری جلوبەرگ، مادلین تەبر: رۆژنامەنووس، ئیوان: بەڕێوەبردنی هۆتێل.





# ساندرا پۆلۆک دەتوانێت ئۆسکار بەدەست بهێنێت؟

خانمە ئەکتەری ئەمریکی ساندرا پۆلۆك وا رانەهاتووە کە ببێتە ئەستێرەی دابەشکردنی خەڵاتەکانی هۆلیۆد، ئەمەش لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ساندرا تا ئێستا رۆڵی وا سەرەکی پێ نەسپێردراوە کە بەهرە و توانا راستەقینەکانی بەدەر بخات.

بەڵام وا پێدەچێت کە ساندرا چانسی گەڕابێتەوە ئەویش لە رێگای ئەو رۆڵەی کە لە فیلمی (لایەنی تاریك - The dark side)پێشکەشی کرد، چونکە دوای بە دەستهێنانی خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئافرەت لە ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی (هەڵبژاردەی گەل)، چەندین خەڵاتی تریشی بەدەستهێنا وەك پاداشتی رەخنەگران و گۆڵدن گلۆب و خەڵاتی سەندیکای ئەکتەرانی لۆس ئەنجلۆس، سەبارەت بەم خەڵاتانە ساندرا دەڵێ: ئەگەر سەیری کاروانی هونەری من بکەن کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد لەم رۆڵەدا ببینێت، ساندرا دانی بەوەش نا کە زۆر جار بۆی زەحمەت بوو خۆی بە ئەکتەر دابنێت و گوتی: من پێشبینی ئەوەم دەکرد کە لە فرۆکەخانە یان لە چێشتخانەیەك کار بکەم، بۆیە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە نواندن دوور کەوتمەوە و فێری ئەوە بووم چۆن رۆڵە ئاساییەکان رەت بکەمەوە، هەرچەندە بەدەستهێنانی ئەم خەڵاتانە ساندرا دەپاڵێوێت بۆ بەدەستهێنانی ئۆسکار، بەڵام ساندرا لە ئێستادا نایەوێ باس لەم بابەتە بکات.



## ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان لەم هەفتەیەدا بەدەست هێناوە

# شەش هەفتەیە ئەڤاتار لەریزی یەکەمدایە

مانگ و نیوێکی نەخایاند کە"جیمس کامیرۆن"ی دەرهێنەری فیلمی ئەڤاتار وتەکەی هاتەدی، چونکە لەسەرەتای نمایش کردنی فیلمەکەی رایگەیاندبوو کە ژمارە پێوانەییەکان دەشکێنێت، ئەوەتا بەو ماوە کەمە نزیکەی ملیارێك و ٩٠٠ ملیۆن دۆلاری قازانج کرد. فیلمەکە ژمارە پێوانەیی باشترین فیلمەکانی شکاند. ئەوەی جێی بیرهێنانەوەیە ژمارەی پێشووش هەر خۆی بە دەرهێنانی فیلمی ئەڤاتار تۆماری کردبوو، لە بواری خەڵاتکردنیشدا، تا ئێستا زۆرترین خەڵاتی کۆکردۆتەوە، بەوپەڕی هیواوە چاوی بڕیوەتە ئۆسکار.

لەئەمەریکاش بۆ شەشەمین هەفتە لەسەر یەك هەر لە ریزی یەکەمدایە، تائێستا ٥٥٥ ملیۆنی بۆکس ئۆفیسی ئەو وڵاتەی بۆخۆی تۆمار کردووە.

چونکە لە ژمارەی پێشووشدا بە چڕی باسی فیلمی ئەڤاتارمان کردبوو، زۆر ناچینەوە سەر ئەو فیلمە و ئەو ژمارەیە باسی فیلمی "سوپای فریشتە"یە (Legion) دەکەین، ئەم فیلمە بە کۆکردنەوەی زیاتر لە ١٧ ملیۆن دۆلار ئەم پلەیەی بەدەست هێناوە. فیلمی ناوبراو وەك هەموو فیلمە سەرکەوتووەکانی دیکە، دوای فیلمی ٢٠١٢ باس لەداهاتووی زەوی و وێرانکاری دوا ساتەکانی مرۆڤایەتی دەکات، چیرۆکی فیلمەکە ئاوایە کە سوپایەك لە ئاسمانەوە دێنە سەر زەوی تاوەکو کۆتایی بە مرۆڤەکان بێنن، دواین هیواش بۆ مرۆڤ کۆمەڵێك نەناسراوی بیابانە کە لەگەڵ گەورەی فریشتەکانن و بەم شێوەیە ململانێکانی نێوان ئەم کۆمەڵەیەو سوپاکە دەست پێدەکات.

فیلمەکە لە دەرهێنانی "سکوت ستیوارت"ە، و لە پاڵەوانێتی "پۆل بیتانی، و لۆکاس بلاك، وکیت ولیش، و ویلا هۆلاند"ە.

ئەمەش سەرجەمی فیلمە باشەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکایە، بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهاتیان:




1 - Avatar (٣٤،٩٤٤) ملیۆن$، کۆی داهات: ٥٥٤،٩٨١ ملیۆن$، بە٦ هەفتە، پلەی پێشو:١.




2 - Legion (١٧،٥٠١) ملیۆن$، کۆی داهات: ١٧،٥٠١ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.




3 - The Book of Eli (١٥،٧٣٢) ملیۆن$، کۆی داهات: ٦٠،٧٣٥ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو٢.



4 - Tooth Fairy (١٤،٠١٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ١٤،٠١٠ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.



5 - The Lovely Bones (٨،٤١٨) ملیۆن$، کۆی داهات: ٣١،٢٤٢ملیۆن$، بە٧ هەفتە، پلەی پێشو:٣.



6 - Sherlock Holmes (٦،٦٢٨) ملیۆن$، کۆی داهات: ١٩١،٠٧٦ملیۆن$، بە٥ هەفتە، پلەی پێشو٥.



7 - Extraordinary Measures (٦،٠١٢ ملیۆن$، کۆی داهات: ٦،٠١٢ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.



8 - Alvin and the Chipmunks: The Squeakquel (٦،٤٠٣ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٠٤،١٤٠ ملیۆن$، بە٥ هەفتە، پلەی پێشو: ٤.



9 - It's Complicated (٥،٨١٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٩٨،٢٧٠ ملیۆن$، بە٥ هەفتە، پلەی پێشو:٧.



10 - The Spy Next Door (٤،٥٨٤ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٨،٥٤٤ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٦.

ئا: عەبدوڵلا چنگیانی

# جۆ ئەشقەر بۆ گوڵان: ئەوەی حەز لە کلیپـ



جۆ ئەشـقەر گۆرانیبێژێکی لوبنانییـە، گۆرانی و کلیپەکانی بەهۆی دەرکەوتنی بەو ستایلەی کە هەیەتی، لەنێو وڵاتانی عەرەبی مشـتومڕی ناوەتەوە، بەجۆرێك کار گەیشتە ئەوەی کە لە هەندێك وڵاتدا نمایش کردنی کلیپەکانی قەدەغە بکرێ و گەیشتۆتە رادەی بە حەرام زانین، ئەویش بە تۆمەتی ئەوەی کلیپەکان دوورن لە رەوشت و نەریتی ئەو وڵاتانە و زیاتر لە فیلمێکی رووت دەچن نەك گۆرانی و ڤیدیۆ کلیپ.

جـۆ لە وەڵامی ئەم تۆمەتانەدا دەڵێ: من هیچ کارێکم نەکردووە کە بەم شـێوەیە کە وای بۆ دەچـن، یاخود دوور بێت لە واقیع و کلیپەکانی خۆی بە بەشـێك لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگاکەی ناوزەد دەکات. لە رێگای پاتریك زینـۆ ك بەڕێوەبەری کارەکانی گۆرانیبێژ جۆ ئەشـقەرەوە، دوای هەوڵێکی زۆر توانیمان ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین، بۆ ئەوەی باس لە کارەکانی خۆی و ئەو رەخنانەی ئاراستەی دەکرێن بکات. ئەویش بە سوپاسـەوە بەم شـێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

* سـەرەتا هەندێك بـاس لە ژیانی خۆتمـان بۆ بکە و چـۆن هاتییە نێو بواری هونەرییەوە؟

- من هەر لـە منداڵییەوە حەزم لە گۆرانی گوتن بووە، لە تەمەنی ١٠ساڵیدا کیبۆردێکم هەبووە، بەو کیبۆردە مۆسـیقام بـۆ منداڵانی هاورێـی خۆم دەژەنـی، هەروەها لـە هەندێك ئاهەنـگ و بۆنەی قوتابخانـەدا گۆرانیم دەگوت، دواتـر لە یەکێك لـە یانەکانی بەیروت دەستم بە گۆرانی گوتن کرد، ئینجا لە لوبنان ناسـرام. لە سـاڵی ٢٠٠١ گازینۆیەکم لە ئەشـرەفییە کردەوە بە فەرمی دەستم بە گۆرانی گوتن کرد، تا ئێستا ٤ ئەلبوومم هەیە لەگەڵ ١٠ گۆرانی دیکەی سنگڵ و تا تواناشم هەبێت لە گۆرانی گوتن بەردەوام دەبم.

* رات چییـە بەرامبەر ئەو بەرنامانەی کە هونەرمەندی نوێ دەناسـێنن و پێشکەشی خەڵکی دەکـەن وەك بەرنامەکانی سـتار ئەکادیمی و سوپە ر ستار ؟

- ئەمانـە بەرنامـەی زۆر

# ـــەکانی من ناکات با کەناڵەکە بگۆڕێت

سەرکەوتوون و هۆکارێکن بۆ درووستکردنی ئەستێرەی نوێ نەك دەرخستنیان، دەتوانم بڵێم دەرکەوتنی ئەستێرەیەکی وەك "ملحم زێن" باشترین نموونەیە. بۆ ئەوەی لە دروستکردنی ئەستێرە و هونەرمەندی بە توانا کە ئێمە دان بە گرنگی و رۆڵی ئەم بەرنامانە دابنێین.

* ئەو هونەرمەندانە کێن لەسەرەتای دەستپێکردنی ژیانی هونەریتدا، کاریگەرییان بەسەر تۆوە هەبووە ؟

- وەك گوتم هەر لە منداڵییەوە من گوێم لە گۆرانی گرتووە، بەڵام من بە شێوازی تایبەتی خۆم گۆرانی دەڵێم، زۆر جار گۆرانی هونەرمەندە گەورەکانیش دەڵێمەوە، بەڵام پێویستە یەك شت بڵێم ئەویش ئەوەیە، کە هیچ کەسێك نەبووەتە هۆی دەرکەوتنی من یاخود رۆڵی هەبێت لە دەرخستن و درووستکردنی مندا، من خۆم، خۆمم دروستکردووە و زۆر سوپاسی ئەو کەسانەش دەکەم کە یارمەتیم دەدەن و لەگەڵم ماندوو بوونە، مەبەستم ئەو تیمەیە کە لەگەڵمدا کار دەکەن.

* پێگە و شوێنی خۆت لەنێو ئەو هونەرمەندە لوبنانییانەی کە ئێستا هەن چۆن دەبینی ؟

- من بۆ خۆم ژیانێکی هونەری و ستایلێکی هونەری تایبەتم هەیە، هیچ کاتێك بیرم لەوە نەکردۆتەوە دژایەتی کەسێك یان رکابەرێتی هونەرمەندێکی دیاریکراو بکەم، لەگەڵ خۆم راستگۆم و لە شتی دروستکراو دوور دەکەومەوە، زۆریش دڵخۆشم بەو کارانەی پێشکەشیان دەکەم، گوێ بە هیچ کەسێك نادەم کە مەبەستی شکاندنەوە یان نزم کردنی ئاستی هونەری و ناوزڕاندنی من بێت.

* لە هونەرمەندەکان نزیکترین هاوڕێکانت کێن ؟

- پەیوەندییەکی زۆر باش و ئاساییم لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندان و کەسایەتییە هونەرییەکاندا هەیە، لە هەر شوێنێك یان بۆنەیەکی تایبەتدا بیانبینم هەوڵ دەدەم کاتێکی خۆش بەیەکەوە بەسەر بەرین، رەنگە جاری وا هەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر بە یەکەوە بین بێ ئەوەی باسێك لە هونەر بکەین، جاری واش هەیە لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانماندا تەنیا باس لە کارەکانی رابردوومان دەکەین، من زۆر گوێ لەو هونەرمەندانە دەگرم کە کارەکانمان هەڵدەسەنگێنن و رەخنەی هونەرمەندانیش تا رادەیەکی زۆر بە هەند وەردەگرم.

*بەم دواییە خەڵاتی " MTV Video Music Awards " ت بەهۆی گۆرانی ( دخل الغنوج) بۆ ساڵی ٢٠٠٩ بەدەستهێنا. پێتوایە بتوانی شتی لەوە جوانتر و خۆشتر پێشکەش بکەی؟

- ئەو خەڵاتەی بەدەستمهێنا خەڵاتی مۆسیقای ئەوروپی بوو بۆ باشترین کلیپ. (دخل الغنوج) یەکێکە لە بەناوبانگترین خەڵاتەکانی مۆسیقا لە ئەوروپا و، تەنیا پێشکەشی ئەو ڤیدیۆ کلیپانە دەکرێ کە جۆرێك لە پیشەییان پێوە دیارە. دەبێ هونەرمەند زۆر هەوڵ بدات تا بە دەستی بێنێت، ئەوەی جێگای سەرنجە لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئەم کلیپە لە نیشتیمانی عەرەبی هێرشێکی زۆری کرایە سەر و، چەندین کەس بە دەرچوو لە رەوشتیان دادەنا، تەنانەت خەریك بوو بگاتە ئەو ئاستەی کە ببێتە هەڕەشە لەسەر ژیانی من، بەڵام بەدەستهێنانی خەڵاتێکی لەم جۆرە و بەم گۆرانییە وەڵامێکی دەم کوتکەرانە بوو، بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە هێرشیان کردە سەری، چونکە ئەگەر کلیپەکە، جۆرێك لە جورئەتیشی تێدا بێت ئەوا من پێموایە تا رادەیەکی زۆر کارێکی ئاساییە و هەست ناکەم کە شتێکی بەو شێوە ترسناك و دوور لە رەوشتم ئەنجامدا بێت کە ئەوا بکەوێتە بەر هەڕەشە.

* پێشتر پێشبینی ئەوەت دەکرد ئەم خەڵاتە بە دەست بهێنی؟

- بەڵێ بێگومان ئەو پێشبینییەم دەکرد کلیپەکە خەلات بەدەست بهێنێت، بەڵام نەك ئەو خەڵاتە، بەڵکو هەر خەڵاتێکی دیکە، چونکە لە ئاستێکی هونەری بەرزدایە.

* لە هەڵبژاردنەکانتدا ئەو پێوەرانە چین کە پشتیان پێ دەبەستی؟

- حەز دەکەم ئەو شتەی پێشکەشی دەکەم تا رادەیەکی زۆر جیاوازی هەبێت و مۆرك و تایبەتمەندی منی پێوە بێت، حەز دەکەم لە شتی دروستکراو دوور بکەومەوە، رازیش نابم هیچ کارێکی هونەری پێشکەش بکەم کە لە هەموو روویەکەوە قەناعەتی تەواوم پێی نەبێت و پێشتر خۆم بۆ ئامادە نەکردبێت، ئەمەش بۆ رێز گرتن لە هونەر و جەماوەری لایەنگری خۆمە. هەروەها زۆر گرنگی بە پێشکەش کردنی کاری نوێ دەدەم، کە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا بگونجێت بە جۆرێك کە جەماوەر لێی رازی بێت و نەبێتە هۆی بریندار کردنی هەستی کەس.

* چۆن خۆت لەو شتانە دوور دەخەیتەوە کە پێشکەشت دەکرێن و قەناعەتت پێیان نییە؟

- من بۆ خۆم سنوورێکم داناوە کە نایبەزێنم ئەویش ئەوەیە تەنیا ئەو کارانە پێشکەش دەکەم کە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا و ژینگەیەدا بگونجێت کە من تێیدا دەژیم، نەك شتێك







پێشکەش بکەم کە زۆر دوور بێت لە واقیع و بە رەسەنایەتی یان کاری نوێ ناوی ببەم، کە لە راستیدا وا نەبێ، چونکە بەڕای من هونەرمەند دەبێ واقیعی بێت و لەگەڵ ئەو سەردەمە بڕوات کە تێیدا دەژیت، نەك بچێ باس لە پاشەڕۆژ بکات کە نازانی چۆن دەبێ یان بۆ دواوە بگەڕێتەوە.

* پێتوایە هونەرمەندە لوبنانییەکان مافی گۆرانی و هونەری فۆلکلۆری خۆیان داوە؟

- بەڵێ زۆر لە هونەرمەندە لوبنانییەکان کە گوێ لە گۆرانییەکانیان دەگری بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەی کە فۆلکلۆر زاڵە بەسەریدا و تا رادەیەکی زۆریش تێیدا سەرکەوتوو بوون.

* تۆ تا چەند حەز لە گوتنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری دەکەی؟

- من لە گۆرانی گوتن شێواز و ستایلی تایبەتی خۆم هەیە و ریتمێکی رەسەن و نوێی هونەری، لوبنانی دەبەخشم بەجۆرێك کە لەگەڵ ئەو شێوازەی مندا بگونجێت بەشێوەیەکی تایبەت بە خۆم فۆلکلۆر و هونەری نوێ تێکەڵ دەکەم کە مافی هەردووکیان بدەم و هیچیان لەسەر حیسابی ئەویتر نەبێت.

* ئەو پێوەرانە چین کە پێویستە هونەرمەند بۆ خۆی دایبنێت تا ببێت بە ئەستێرە؟

- بێگومان هۆکاری زۆر هەیە کە وا دەکەن هونەرمەند ببێت بە ئەستێرە وەك دەنگ، کارێزما و چۆنییەتی دەرکەوتن و داهێنانی نوێ. لە بواری هونەری نابێ رۆڵی توانای ماددیش لە بیر بکەین، کە پێموایە ئەویش کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە دروستکردنی ئەستێرە.

*رات چییە بەرامبەر ئەو کچانەی ئێستا گۆرانی دەڵێن و مەبەستی سەرەکیان دەرخستن و نیشاندانی لەش و جوانی خۆیانە نەوەك پێشکەش کردنی کارێکی هونەری؟

- ناتوانم باس لە کەسیان بکەم یان ناویان بهێنم، بە گشتی دەڵێم نەك تەنیا لە لوبنان بەڵکو لە هەموو نیشتمانی عەرەبی زۆر کچ هەن بەناو گۆرانی دەڵێن، بەڵام هیچیان بەسەر هونەرەوە نییە، دەتوانم بڵێم ئەمانە هونەرمەند نین، بەڵام تەنیا دەیانەوێ گۆرانی بڵێن و دەربکەون.

* بیر لە نواندن ناکەیتەوە؟

- بێگومان تا ئێستا زۆر شتی لەو بابەتەم پێشکەش کراوە، بەڵام من ئێستا ناتوانم بەشێوەیەکی جدی بیری لێ بکەمەوە، چونکە کاری دیکەم زۆرە و کاتی ئەوەم نییە خۆم بۆ نواندن تەرخان بکەم.

* سەبارەت بە کلیپەکانت،رەخنەی زۆرت لێدەگیرێ چۆن وەڵامیان دەدەیتەوە؟

- بەڵێ راستە لەبارەی کلیپەکانم قسەی زۆر بێ مانا کراوە، بەڵام وەك پێشتر باسم کرد بەدەستهێنانی خەڵاتێکی جیهانی بۆ ئەو کلیپەی کە رەخنەیان لێی دەگرت باشترین وەڵامە. من ئێستا کلیپێکی نوێ ئامادە دەکەم دڵنیام زۆر لە کلیپەکانی پێشووم سەرکەوتووتر دەبێت، کلیپێك نییە کە کەسانێك بتوانن بە بێ بنەما و دوور لە رەوشت ناوی ببەن وەك ئەوانی تر. بێگومان ئەوەی بیبینێت بە سەرسوڕمانەوە باس لەو تەکنۆلۆژیایە و ئەو ئاستەی ئێمەی پێی گەیشتووین لە تۆمار کردنی کلیپدا دەکات، کە لە کلیپەکەدا بەکارهاتووە.

* چۆن وەڵامی رەخنەگران دەدەیتەوە؟

- بەو کەسانە دەڵێم کە رەخنە لە کارەکانم دەگرن، هەر کاتێك کلیپەکەی من نمایش کرا ئەوا با کەناڵەکە بگۆڕن و بۆ خۆیان سەیری شتێکی تر بکەن، چونکە هەموو کەسێك ئازادە سەیری چی دەکات و چۆن بیر دەکاتەوە.

* پێویستە رەخنەگر چۆن بێت؟

- هەموو رەخنەگرێك یان رۆژنامەنووسێك مافی خۆیەتی رای خۆی بەرامبەر بە هەر کارێکی هونەری دەرببڕێت کە نمایش دەکرێ و ئەوەی دەیبینێت. ئاشکرایە رەخنەی بنیاتنەر ئەگەر بە لای هونەرمەندەوە ناخۆش و گرانیش بێت، بەڵام دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر هونەرمەندێك جا لە هەر بوارێکی هونەریدا بێت خۆی لە هەڵەکانی پێشووتری دوور بخاتەوە و دووبارەیان نەکاتەوە. واتە بۆ کاری داهاتووی سوودیان لێ دەبینێت، بەڵام ئەوەی هەندێك کەسی تر بەناوی رەخنەوە دەیکەن و تەنیا مەبەستیان ئەوەیە خەڵك پێیان بڵێ هەڵوێستیان هەبووە، دەربارەی شتێك و لەگەڵ نمایش کردنی کلیپەکە بکەونە هێرش کردنە سەری، پێموایە لە جێی خۆی نییە و پێویستە بەلای کەم ماوەیەك ئارام بگرن و بزانن کاردانەوەی جەماوەر بەرامبەر بەو کارە چییە ئینجا بیروڕاکانی خۆیان بخەنە روو، باشترە بۆ ئەوەی ئێمەش بیر لە کارەکانی خۆمان بکەینەوە

*وەك هونەرمەندێك بڕوات بە بورجەکان هەیە و دەیانخوێنیەوە؟

- بەڵێ بە بەردەوامی دەیانخوێنمەوە، بەرواری لە دایکبوونی من (١٩٧٢/٢/٢) جا بزانە چ بورجێك دەکەوێتە ئەم بەروارە ئەوە بورجی منە.

* وەرزش بۆ هونەرمەند تا چەند گرنگە؟

من رۆژانە دەچم بۆ هۆڵی وەرزش و هەفتانە لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێکانی خۆم بە بەردەوام چوار رۆژ مەلەوانی دەکەم، چونکە وەرزش نەك بۆ هونەرمەند، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤێك کارێکی زۆر گرنگ و پێویستە.

* زیاتر چ جۆرە مۆبایلێك بە کاردەهێنی؟

- بە شێوەیەکی زۆر نۆکیا بەکار دەهێنم.

* ژمارەی تەلەفۆنی خۆت بە کەس دەدەی؟

- نەخێر ژمارەی تەلەفۆنی من لای بەڕێوەبەری کارەکانمە، (پاتریك زینۆن) هەر لە رێگای ئەویشەوە پرسیارەکانی ئێوەم بەدەست گەیشت، هەر کەسێك کارێکی بە من هەبێت ئەوا لە رێگای ئەوەوە دەتوانێت پەیوەندیم پێوە بکات.

* ئایا لەبارەی میللەتی کورد هیچ زانیاریەکت هەیە ؟

- بەڵێ زۆر شت دەربارەی کورد دەزانم لە رێگای خوێندنەوە و زانیارییەکانی خۆمەوە، هەروەها لە رێگای چەند هاوڕێیەکشم کە زۆر جار باس لە گەلی کورد دەکەن .

* گوێت لە هیچ گۆرانی یان ئاوازی کوردی بووە؟

- بەڵێ گوێم لێبووە و زۆریش سەرنجیان راکێشاوم، گۆرانییە کوردییەکان جۆرێك لە ریتمی هێواشی بەسەرەوە دیارە. کە کار لە هەر هونەرمەندێك دەکات ئەگەر گوێی لێ بوویێت.

* چیت ماوە بیڵێی؟

- زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم بۆ ئەو دیمانەیە هیوادارم وەڵامەکانم جێگای رەزامەندی ئێوە بن.

# نەجمەی غولامی:

# هونەری ئێستا بۆخۆشەویستی هونەرنییە

رەنگە کەسێك لە ئێمەمانان نەبێت کە گوێی لە دەنگی هونەرمەندی گەورە نەجمەی غولامی نەبووبێت، مێژووی هونەری ئەو هونەرمەندە ناتوانرێ لێرە باس بکرێ، یاخود روونتر بڵێین نەجمەی غولامی هونەرمەندێك نییە کە ئێستا پێویستی بە وەسف و پیاهەڵدا گوتن بێت، چونکە هەر کە ناوی دەهێنرێ ئیتر هەموو کوردێك لە هەر پارچەیەك بێت، دەبێت کەم تا زۆر ئاشنایی پێی هەبێت.

هونەرمەند نەجمەی غولامی ئاهەنگی سـەری ساڵ لە کوردستان لە زێدی باب و باپیرانی و لە نێو خۆشەویستانی خۆی بەسەر برد، بەڵام لەبەر کەمی ماوەی مانەوەی نەمانتوانی لێرە راسـتەوخۆ چاومان پێی بکەوێت، بۆیە دوای گەڕانەوەی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەرێزیان ئەنجامدا.



*** دەمانەوێت لەنوێترین کارەکانتەوە دەست پێ بکەین، ئێستا جەنابت خەریکی چیت، لەو ئاهەنگانەی کوردستان چی نوێت پێشکەشی جەماوەر کرد؟**

_ من سەری ساڵ لەکوردستان بووم حەزم دەکرد بچمە هەموو شارەکان بەتایبەتی هەولێر، بەڵام بەداخەوە کاتەکە کەم بوو، تەنها لەسلێمانی ئاهەنگم سازکرد، جەماوەر بەگەرمی پێشوازیان لەئاهەنگەکە کرد ئاهەنگێکی زۆر گەرموگوڕ بوو، منیش چەند گۆرانییەکی تازە و گۆرانی رۆمانسی و هەڵپەڕکێم پێشکەشی جەماوەر کرد، بە گشتی زۆر پێیان خۆش بوو منیش خۆشحاڵ بووم کە ساڵی نوێ لەکوردستان بووم. هیوادارم ئەو هاتووچۆیانە زیاتر بن ئێمە بێینە کوردستان و هونەرمەندانی کوردستان بێنە ئەوروپا، بۆ ئەوەی خەڵك و جەماوەر خۆشحاڵ بکەن.

هەروەها سروودی شۆڕشگێڕانە پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی خەڵك هەستی نەتەوایەتیان لەبیر نەچێتەوە و بەردەوام دڵسۆزی گەل و نیشتمانەکەیان لەدڵدا بێت.

*** دەربارەی ئەلبوومی نوێت، نوێترین هەواڵی ئەلبوومە نوێیەکەت بۆ جەماوەرەکەت چییە ؟**

- لەڕاستیدا من سەرقاڵی کۆمەڵێك بەرهەمم، لەوانە چەند گۆرانییەکی شۆڕشگێڕانە سەبارەت بە وەزعی ئێستای رۆژهەڵات وەك خۆتان ئەزانن رۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر زەختێکی زۆردایە، ئەو هونەرمەندانەی کە دڵسۆزن دەبێت بەرامبەر ئەو زوڵمەی لە میللەتی کورد دەکرێت لەهەر شوێنێك بێت، پێویستە رەنگدانەوەی هەبێت لەناو بەرهەمەکانیاندا، منیش سەرقاڵی چەند بەرهەمێکی تازەم هیوادارم بە زووترین کات بتوانم ئامادەیان بکەم و پێشکەشی ئەویندارانی دەنگی من و هونەری کوردی بکەم.

*** باسی شتێکی زۆر گرنگت کرد کە دەبێت گشت هونەرمەندان رەچاوی بکەن، ئەویش هونەری شۆڕشگێڕی یان گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕییە، بەداخەوە زۆر کەس پێیان وایە سەردەمی ئەو هونەرە بەسەرچووە، جەنابت وەك هونەرمەندێك کە قۆناغی پێشمەرگایەتی و شۆڕشگێڕشیت بینیوە، ئێستا چۆن وەڵامی ئەو کەسانە دەدەیتەوە کە دەڵێن ئەو هونەرە بەسەرچووە و باوی نەماوە؟**

_ لەگەڵ رێزم بۆ ئەو کەسانە، ئەوان زۆر بەهەڵەداچوون ئێستا ئەو پارچەی ئازادیش کراوە لەهەموو کاتێك دوژمنمان زۆرترە. ئێستاش سێ بەشی لەژێر دەستی داگیرکەردایە، ئێمە کە ئازادین نابێت بڵێین ئەوە بەسەر چوو، دەبێت خەمی بەشەکانی تری کوردستانیشمان هەبێت. ئێمە یەك نەتەوەین، دەبێت هەموو کاتێك هەستی نەتەوایەتیمان هەبێت. لەبواری هونەردا کە زۆر گرنگە دەبێت جێگەی هونەری شۆڕشگێڕی بەتاڵ نەبێت، هیوادارم شاعیرە دڵسۆزەکان و هونەرمەندانی دڵسۆز لای من ئەو هونەرمەندانە دڵسۆزن کە ئاوڕێك لەمیللەتی خۆیان دەدەنەوە و هەمیشە ئەو زوڵمەی داگیرکەران بەرامبەر هەر تاکێکی کورد دەکرێت هەست بە بەرپرسیارەتی بکات، لای من ئەوانە هونەرمەندی دڵسۆزن.

*** قۆناغی ئێستای هونەری کوردی لە گشت پارچەکانی کوردستان هەر کەسێك بەجۆرێك باسی دەکات، جەنابت هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموون و پسپۆری تێڕوانین و بیروبۆچوونت بۆ ئەو هونەرەی ئێستا هەیە، چییە؟**

_ لەم چەند ساڵەی دواییدا هونەری کوردی تووشی چەواشەکاری بووە، من بەشێوەیەکی گشتی باسی دەکەم، لەم چەند ساڵەی باشووری کوردستان ئازاد بووە دەبوایە چەندین کۆنگرە سازدرابا و هونەرمەندانی گشت پارچەکانی کوردستان بەشداریان تێدا کردبا، بۆ گفتۆگۆکردن دەربارەی هونەری رەسەنی کوردی. لەزۆربەی پارچەکانی کوردستان ناوی مەقامەکان جیایە ئەگەر هونەرمەندێکی رۆژهەڵات لەباشوور نەژیابێت لەیەکتری تێناگەن، زمانێکی هاوبەشی هونەری لەنێوان هونەرمەندان دا نییە. هیوادارم لەداهاتوودا لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆنگرەیەك بۆ ئەم پرسە رێکبخەن، بۆ ئەوەی ئەو هونەرمەندانە باشتر لەیەکتر تێبگەن و هەوڵێك بدەن بۆ دیسان گەڕاندنەوەی هونەری کوردی بۆ مەسەلەی راستەقینەی خۆی. هونەری راستەقینە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر پەروەردەکردنی نەوەی نوێ، لەڕاستیدا ئەو کەسانەی لەبواری هونەردا کاردەکەن دەبێت هەوڵ بدەن رەسەنایەتی بەهونەرەکەیانەوە دیاربێت. بۆ نموونە لەهەرشوێنێکی ئەم دنیایە گوێ لە موزیکی یۆنانی بگریت هەر لەیەکەم نۆتەوە دەزانیت ئەمە موزیکی یۆنانییە. لەگەڵ ئەوەشدا هونەری کوردی هەندێ پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام چەواشەکاری و لاسایی کردنەوە، پێی ناوترێت هونەری رەسەن. بۆ نموونە ئێستا هەندێك کەس کە گوێ لە گۆرانی حەسەن زیرەك دەگرن، وا دەزانن ئێستا ئەو گۆرانییە گوتراوە ئەوەندە مۆرکی رەسەنایەتی پێوە دیارە، مرۆڤ چێژی لێدەبینێت، هۆی مانەوەی ئەو گۆرانییانە تاکو ئێستا رەسەنایەتیەکەیە، بەسەدان گۆرانی لەم رۆژانەدا دەگوترێت لەگەڵ رێزم بۆ ئەو گەنجانە، بەڵام گۆرانییەکانیان تەمەنیان کورتە و ناتوانن ماوەیەکی زۆر بمێننەو، لەبەر ئەوەی لەڕەسەنایەتی دوورن.

*** بەڕای تۆ چۆن دەتوانین هونەری کوردی بەرەو پێش ببەین بەمەرجێك کاریگەری لەسەر رەسەنایەتی هونەری کوردی نەبێت ؟**

- ئەو کەسانەی لەبواری هونەری کوردیدا کاردەکەن دەبێت جیهانبینی هونەریان فراوان بێت، دەبێت گوێ لەهەموو شتێکی دنیا بگرن، گوێ لەهەموو موزیکێك بگرن کە ئەمڕۆ لەدنیا کاری لەسەر دەکرێت، ئەوانەی گۆرانی دابەش دەکەن دەبێت جیهانبینییان زۆر فراوان بێت. ئەو گۆرانییانەی بەسوود وەرگرتن لەهونەری تورکی یان عەرەبی بەرهەم دەهێنرێن، ئەوەندە لۆکاڵن لەچوارچێوەی شارەکە ناچێتە دەرەوە. دەبێت بیر لەوە بکەنەوە هونەری کوردی بکەنە هونەرێکی جیهانی، بۆچی تائێستا لەزۆربەی شوێنەکان زۆر بە کەمی گۆرانی کوردی لێدەدرێت، هۆیەکەی ئەوەیە ئەوانەی لەو بوارەدا کاردەکەن هەوڵیان نەداوە موزیکی کوردی بەرەو پێشەوە ببەن تائاستی هونەری جیهانی، ئەمەش بە زانابوون و پسپۆڕی لەبواری هونەر و دڵسۆزی دەکرێت، چونکە دەتوانرێت گۆرانی کوردی زۆر بەجوانی کاری دابەشکردنی موزیکی بۆ بکرێت و بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت بە مەرجی پاراستنی رەسەنایەتی تێدا بێت.

*** ئەگەر وەك رەخنەگرێکی هونەری سەیری هونەری کوردی بکەی پێتوایە ئەو هۆکارانە چین کە کاریگەری سلبیان کردۆتە سەر هونەری کوردی؟**


- لەڕاستیدا دەتوانم بڵێم ئەو هونەرەی ئێستا دەکرێت هونەرێکی کاتییە، هونەرێکی بازاڕییە، هونەرێك نییە بۆ خۆشەویستی هونەر بێت، وەك باسم کرد چەند چرکەیەك دوای بیستنی لەبیرت دەچێتەوە، لەڕاستیدا ئەو کەسانەی ئەو کارانە دەکەن شارەزاییان نییە لەبواری هونەریدا، ئێمە کەسی دڵسۆزمان زۆرە، بەڵام ئایا ئەو کەسانە چەندە کاریان دراوەتە دەست، چەندە داوایان لێکراوە بۆ بەرپرسیاریەتی گرتنە ئەستۆ، بۆ پێشخستنی هونەری کوردی. ئایا لێپرسینەوە هەیە بەرامبەر ئەوانەی ئەو هونەرە پێشکەش دەکەن. ئەمڕۆ لەکوردستان کارەکان دابەش دەکرێن، بەڵام بەداخەوە لێپرسینەوە نییە، دوای ئەوەی کەسێك کاری هونەری دەکات لێی ناپرسن ئەو



کارانەی تۆ چ کاریگەرییەکی لەسەر هونەری کوردی درووست کردووە، چ کاریگەرییەکی لەسەر هەستی نەتەوایەتی نەوەی نوێ کردووە، هونەر دەبێت ئامانجی هەبێت. تۆ ئەگەر کارێک دەکەی دەبێت بەرهەمێکت هەبێت، دەبێت پێشتر ئامانجی خۆت لەو هونەرەی پێشکەشی بکەی دەستنیشان کردبێ، ئایا ئەو ئامانجەت پێکاوە یان نا، بەڕای من لەم چەند ساڵەی دواییدا هەندێ ئیشی باش کراوە، بەڵام ئیشی خراپ ئەوەندە زۆرە، سێبەری خستۆتە سەر ئیشە باشەکانیشەوە.

*** پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی هونەرمەندانی ئێستا ئاشنایەتیان زیاتر بێت بە هونەرمەندە رەسەنەکان و لەبیریان نەکەن؟**

ــ ئەوە کاری راگەیاندنی کوردییە، راگەیاندنی کوردی دەبێت تیشک بخەنە سەر هونەرمەندە رەسەنەکان بۆ نموونە گۆرانی عەلی مەردان و تاهیر تۆفیق و هونەرمەندە رەسەنەکانی تر زۆر بە کەمی پەخش دەکرێن. دەبێت زۆربایەخیان پێ بدرێت و تیشک بخرێتە سەر ژیانیان، ئەوە کاری راگەیاندنە ئەو هونەرمەندانە بەسەر بکاتەوە کە ئەزموونێکی زۆریان هەیە و ئێستا لەژیاندا ماون، تەنها دیدارێک نەبێت بۆ پڕکردنەوەی بەرنامە، بەڵکو بۆ ئەوە بێت خەڵک زیاتر ئەو هونەرمەندە بناسێت، بۆئەوەی نەوەی ئێستا بزانێت میللەتی ئێمە خاوەنی مێژوویەکی زۆر رەنگینە و هونەرمەندی وای هەبووە رەسەنایەتی هونەری کوردیان پاراستووە. بەڵام بەداخەوە ئێستا کەسانێک چەواشەکاری ئەکەن و سێبەر دەخەنە سەر ئەو رەسەنایەتییە . پێم وایە ئەوە ئەرکی میدیای کوردییە کە ئەو راستییانە بە نەوەی نوێ بناسێنێت.



*** رات چییە بەرامبەر ئەو ئافرەتانەی گۆرانی دەڵێن و لەبواری هونەردا کاردەکەن؟**

- من زۆر خۆشحاڵم کاتێک دەبینم خانمێک دێتە ناو بواری هونەری و گۆرانی دەڵێت، بەڵام کەسانێك زیاتر کار بۆ خانمەکان دەکەن و نیشانیان داوە بۆ ئەوەی ناوبانگی هونەرەکەیان بەدەست بێنن. بەڵام خانمێك کە دەنگێکی رەسەنی هەبێت و بە توانا بێت من زۆر خۆشحاڵ دەبم و هیوادارم رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەیان زیاتر بێت، بەڵام ئاگایان لەخۆیان بێت کە بەشێوەیەکی زۆرجوان هونەرەکەیان پێشکەش بکەن و خۆیان نەکەنە دارودەستی کەسانێك کە هونەری کوردی چەواشە دەکەن.

*** تۆ باست لەوەکرد کە هەندێك کەس ئافرەت بەکاردێنن، ئەی پێت وانییە دەبێت ئەو ئافرەتانە زیاتر وریابن؟**

ــ بەڵێ خەتاکە لەوانیشە ئەو کەسە نایەت بە زۆر گۆرانی بەو ئافرەتانە بڵێت، دیارە ئەوە نەبوونی وریاییە هیوادارم ئەوانە زیاتر وریابن، ئەگەر بەهرەیان هەیە دەتوانن بە رێگای تر خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن نەك بە جلوبەرگ و نمایشکردن.

*** لەو ئافرەتانەی گۆرانی دەڵێن کامەیان زیاتر سەرنجی تۆی راکێشاوە، لەرووی دەنگ و ستایلی هونەرییەوە و تۆ پێت وایە هونەرمەندێکی راستەقینەیە؟**

ــ لەگەڵ رێزم بۆ هەموویان، من دەنگی کیژان ئیبراهیم خەیاتم زۆر پێ خۆشە، بەڵام ماوەیەکە بێ دەنگە، هیوادارم بەردەوام بێت. کیژان هونەرێکی رەسەن پێشکەش دەکات و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

*** ئەرکی دەسەڵاتی کوردی چییە بۆ بە زیندووهێشتنەوەی هونەری کوردی و بەرەوپێشبردنی؟**

- ئەرکی دەسەڵات ئەوەیە هونەری رەسەنی کوردی بپارێزێت، ئەمە ئەرکی ئەوانە بەتایبەتی وەزارەتی رۆشنبیری. کە هونەرمەندانی رەسەن بەسەر بکاتەوە و بەرهەمیان بۆ تۆمار بکات، دیارە زۆر کەس دەچێت بۆ لایان، بەڵام من پێم باشە وەزارەتی رۆشنبیری خۆی ئەو کەسانە هەڵبژێرێت کە توانایان هەیە، ئەمە ئیشی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنە کوردییەکانە، بۆ نموونە زۆر فیستیڤاڵ کراون بەناوی هونەری رەسەنی کوردی لەگەڵ رێزم بۆیان، زۆربەیان بۆ بەرژەوەندی بووە. هیوادارم وەزارەتی رۆشنبیری ئاورێك لەو بابەتە بداتەوە و بە دڵسۆزانە کارەکانی بەرێوە ببات. کەسانی دڵسۆز زۆرن پێویستە کار بدرێتە دەست کەسانی شارەزا بۆ ئەوەی خزمەتی هونەری کوردی بکەن. هونەری هەر میللەتێك ناسنامەکەیەتی هیوادارم لێپرسینەوە بکرێت بەرامبەر هەموو ئەو هەوڵانەی دەدرێن بەمەبەستی شێواندنی هونەری کوردی. ئێستا من و ئەو کەسانەی کە بەشداری شۆڕشمان کردووە دەتوانین زیاتر خزمەتی هونەری کوردی بکەین، ئێمە تاڵی و سوێریمان چەشتووە، دەزانین کام هونەر رەسەنە و کامەیان خزمەت بە نەوەی نوێ دەکات. بەشداری خۆشی و ناخۆشیەکانی میللەتەکەمان کردووە.

*** ئەگەر شتێکتان مابێت؟**

- هیوادارم ئێوەش زیاتر ئەو بابەتە بوروژێنن زۆر دەمێکە لەتەلەفزیۆن هاوار دەکەین و رەخنەمان گرتووە. کاتی خۆی بۆ سەرۆك بارزانی نامەیەکم نارد، بەڵام دیارە بەدەستی نەگەیشتووە. ئەوانەی کاتی خۆی خەباتیان کردووە ئێستا هیچیان بەدەست نییە و ئەوانەش کە هیچیان نەکردووە ئێستا دەسەڵاتیان هەیە.